**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوكمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراوو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٩)ی گرێدراو لە ڕێكەوتی ٢٠١٣/٤/٢٢ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٣**

**یاسای هەمواری یەكەمی یاسای ئیمتیازاتی زیندانیكراووگیراوی**

**سیاسیی كوردستانیی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١١**

**ماددەی یەكەم:**

**یەكەم:** بڕگەی (سێیەم)ی ماددەی یەكەمی یاساكە هەموار دەكرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(سێیەم: لێژنە: لێژنەی تایبەتمەند بە تێڕوانینی داواكارییەكانی ئەوانەی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە).

**دووەم:** بڕگەیەك بە ڕیزبەندی (شەشەم) بۆ ماددەی یەكەم زێدە دەكرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(شەشەم: وەزارەت: وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالكراوانی هەرێمی كوردستان).

**ماددەی دووەم:**

ماددەی چوارەمی یاساكە هەموار دەكرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**یەكەم:** وەزارەت لە ناوەندی پارێزگاكانی هەرێمدا یان هەر یەكەیەكی كارگێڕی پێویست بە بوونی لێژنە بكات، لێژنە پێكدەهێنێت، بە سەرۆكایەتی دادوەرێك كە ئەنجومەنی دادگەریی هەرێم كاندیدیان دەكات و ئەندامێتی نوێنەری ئەم وەزارەتانەی خوارەوە بە پلەی بەڕێوەبەر بۆ تێڕوانینی داواكاری ئەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە:

١- وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان.

٢- وەزارەتی ناوەخۆ.

٣- وەزارەتی دارایی و ئابوری.

**دووەم**: زیندانیکراویی یان گیراوی سیاسیی لەبەردەم لێژنەدا بە ڕێگە یاساییەکان بەپێی حوکمەکانی یاسای سەلماندنی ژمارە (١٠٧)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراوی بەرکار لە هەرێمدا، دەسەلمێنرێت.

**سێیەم**: لێژنە بڕیاری خۆی بە زۆرینە دەردەکات و لە کاتی یەکسان بوونی بیروڕاکان ئەوا ئەو ڕایەی کەوا سەرۆك دەنگی لەگەڵداوە بەسەر دەخرێت و بڕیارەکانی لێژنە شیاوی تانە دەبن لەبەردەم دادگای کارگێڕی بەپێی حوکمەکانی یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨.

**چوارەم**: وەزارەت بەرزکردنەوەی ئەو بڕیارانەی لە لایەن لێژنەوە دەردەکرێن بۆ وەزارەتی پەیوەندار لە ئەستۆ دەگرێت بە مەبەستی ئەوەی یاسا بە پێویستی دەکات بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بگرترێنەبەر.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە لە سەر وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە هەرێمی کوردستان ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی پێنجەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکرێت.

**ماددەی شەشەم:**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دا جێبەجێ دەکرێت.

**د. ارسلان بایز اسماعیل**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

## هۆیە پێویستكارەكان

لە كاتی پیادەكردنی یاسای ئیمتیازاتی زیندانیكراوو گیراوی سیاسی كێشەو بارقورسی جۆراوجۆر ڕووبەڕووی ئەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە بۆتەوەو، بوویتە بارگرانییێك لەسەر ئەستۆیان بەتایبەتیش ئەوانەی لە هەولێری پایتەختەوە دوورن بەهۆی بوونی یەك لیژنەی تایبەتمەند تیایدا و بارقورسی هێنانی گەواهیدەرانی سەلماندن لەبەردەم ئەم تاقە لیژنەیەدا بەهۆی دووری مەوداو مەترسیەكانی ڕێگەو گرانی تێچوونەكانی گواستنەوەو حەوانەوە، وە لە پێناو خزمەتكردنی ئەم تێكۆشەرانەو دوورخستنەوەیان لەم قورساییانەداو وەك ئاسانكارییێك بۆ جێبەجێكردنی، ئەوا ئەم یاسایە دەرچوویندرا.

---

تێبینی: ئەم یاسایە بەبریاری ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠١٣ لەلایەن سەرۆكی هەرێمی كوردستان دەرچوێنرا.